# داد ئازادی
# لە باخانم نەماوی



رەگەز رەشید

فرێند چاتێکی کوردی باکورم هەیە، نووسەرە لە بواری جەندەرو هەمیشە خەون بە ئازادییەوە دەبینێت، تەنانەت لە گۆڕینەوەی هەموو چاتێکدا پێم دەڵێت (ئێوە لەکوردستانی باشور ئازادیتان هەیەو قەدری ئەو ئازادییە بزانن!!).. ئاخر ئەو برادەرە چوزانێت ئێمە چ ئازادەیەك مومارەسە دەکەین؟؟ ئەو چوزانێت لەو پارچە کوردستانەی کە منی تێدا دەژیم، بە ناوی ئازادیی و سەربەخۆییەوە، غەدر لە ئازادی تاکە کەس دەکرێت!!

ئێمە لە قۆناغێك ئەژین، ناوی نییە، کوڕی سەردەمێکین، لێوان لێوە لەگەندەڵی و کەچی ڕۆژانە لەبەردەم بارەگاکانی حزب و لەنێو دیوەخانەی ئاغاو لەسەر شۆستەکان ڕۆرژنامەنووس بەر شەق دەدرێت!! کێشەی ئەو ولاّتە لەوە دایە بەردەوام باسی ئازادی و لێبوردەیی و دیموکراسیەت ئەکرێت، کەچی ڕۆژنامەنووسان تێیان هەڵدەدرێت و ئیهانە دەکرێن.. گرفتی گەورەمان لەوێدایە بەردەوام لە گوتارەکانماندا باسی ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەکەین و کەچی گوێمان بۆ ناگیرێت!! ئاخر گوێنەگرتن لە نووسین و ڕۆژنامەنووسان، لەوە ترسناکترە لێنەگەڕێیت بنووسیت..چ فایدەیەکی هەیە بنووسیت و گوێت بۆ ڕانەگیرێت؟؟ چ بێمانابیەکە، نووسین بە بێ پەرچە کردار..چ گاڵتە جاڕیەکمان پێدەکەن، دەسەلاّت گوێت بۆ ناگرن!! لەو ولاتریشەوە لە ولاّتەی ئێمەدا، ڕێپێوان و خۆپیشاندان، لادانە لە ئەمنی قەومیو نووسینو ڕەخنە دەسکەوتی زێڕینی کورد دەخاتە خەتەرەوە... ئای کەچ درۆیەکی گەورەمان لەگەڵ دەکەن، کە دەڵێن ئێوە ئازادن لە قسە کردن.

ئاخر لەوە ترسناکتر نییە، بە بارودۆخێك بڵێیت ئازادی کە قودسیەت دابەشکراوەتە سەر شتەکان و ڕەخنە گرتن لەسەر ئەو قودسیەتانە خرانە بازنەی لادان و بە تێکشکانی ئەمنی قەومی و ئەخلاقی ناویان بردن.. ئاخر دەتۆ سەیرکە، ناوێریت باسی ئاین بکەیت، و کەچی لە لە گوتاری هەینیاندا، مامۆستای ئاینی یەك بەخۆی لە بڵند گۆکان ئیهانەی ئازادی تاکە کەس دەکات، قەدەغەیە باسی دەسەلاّت و حزب بکەیت، کەچی ئەوان لە دەرەوەی گەندەڵیەکانیان، (کە تا ئێستا پارەی دەوڵەت لە حزبەکانیان سەرف دەکەن) لە یادکردنەوەکانشیاندا، سەربانی بارەگاکانیان پڕ دەکەن لە بڵند گۆو هەر عەقڵیشیان نەیگرت، تەنزیری نویٚ بۆ ئازادییەکان دادەنێن و بە میزاجی گەندەڵییەکانیان، ئازادییەکان پێناسە دەکەنەوە..

لە دونیادا ڕای گشتی و ڕۆژنامەگەری، دەسەلاّت ئەلەرزێنێت و گەندەڵکاران ناچار دەکات بکەونە دادگا و بەرپرسان لە نێو دەست لەکارکێشانەوەو چالاك بوون لە کارکردن سەرپشك دەکات، کەچی لەو ولاّتەی من تا ئێستا بەرپرسێکی گەندەڵ جەسارەتی دەست لەکارکێشانەوەی نەکردووە، ئێمە لە کوێی هاوکێشەی ئازادی داین!!

ئێمە لە ولاّتێك ئەژین، ڕۆژانە ئافرەتان تێیان هەڵدەدرێتو نەك هەر ناتوانن بڵێن نا، بەڵکو بێئەوەی بزانن بە شوو دەدرێن، ڕۆژانە بە هۆی غیابی ئازادییەوە، گڕ بەردەدەنە جەستەکانیان و عاشقان بە بلۆك دەکوژرێن، پێم ناڵێیت چ ئازادییەکە ئێمە مومارەسەی دەکەین؟؟

_ کاکی فرێند چات، دڵنیابە ئازادی هەر بەتەنها ئەوە نییە، بە زمانی دایك قسە بکەیت و هەر ئەوەش نییە، نەبیتە عەسکەر.. بۆیەش هیوادارم هەرکە ئێوە پارچەی باکورتان ئازاد کرد و ١٦ ساڵتان لە ئەزموون بەڕێکرد، وەك ئێمە مومارەسەی ئازادی نەکەن!!